# لە ڕاگەیاندن دا شین بۆ کەرکوک و ماددەی 140 دەکرێ !

لەوەتەی ئاشکرابووە کە ماددەی 140 لە کاتی دیاریکراوی خۆی دا جێبەجێ ناکرێ، کوردستانیان ڕق و توورەیی خۆیان دەخۆنەوەو دەخرۆشێن، بەڵام زۆرێک لە بەرپرسەکان دەیانەوێ بەشێوازێک لە شێوازەکان ئەو ڕق و توورەییە دابمرکێننەوەو واپێشان بدەن کە ئەوانیش هاوهەڵوێستن و نایانەوێ سازش لەسەر کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە دا بکرێ.

لە هەفتەی ڕابردوودا دەیان لێدوان و هەڵوێستی بەرپرسان لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئاشکراکران، کە زۆربەیان پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە خۆشیان دەزانن کات بەشی هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوەو ناکات، جا چۆن باس لە بەڕێوەبردنی سەرژمێری گشتی و ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکرێ؟!

بەرپرسی لایەنە کوردستانیەکان لە کەرکوک جەخت دەکەنەوە کە ئەگەر ماددەی 140 دوابخرێ " کە بە بۆچوونی زۆرینەی چاودێران دواخستنی یەکلابۆتەوە" ئەوان هانی خەڵک دەدەن تا بڕژێنە سەر شەقامەکان، خۆپێشاندان و ڕێپێوان بکەن! ئەمە لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی لەوان گەورەتر خۆیان هۆکارێک بوونە بۆ جێبەجێ نەکردنی ماددەی 140، چونکە ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەوەی پێوەندی بە کوردەوە هەیە یەک لایەنە کاری بۆ بکرادایە، هەوڵی ئاساییکردنەوەی ڕەوشەکەی بدایە، یان ئەو ناوچەدابڕاوانەی کە پێشتر ڕزگارکرابوون بیگێڕابوایەوە بۆ سەر پارێزگاری کەرکوک، هەروەها لەگەڵ حکومەتی بەغداد ڕاشکاونەو لێبڕاوانەتر پێداگری بکردایە، خۆیشی بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و بۆ ناردنەوەی هاوردەکان بودجەی تەرخان بکردبایە، بێگومان ئاکام بەم ڕۆژە نەدەگەیشت.

ئێستا ڕوانگەو تێڕوانینی وەکهەڤ بۆ هۆکارەکانی جێبەجێ نەکردنی ماددەی 140 لە ئارادانیە. لایەنە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان هێزە سوننە ڕەگەزپەرستەکان و بەرەی تورکمانی و دەوڵەتانی ناوچەکە بە هۆکاری جێبەجێ نەکردنی ماددەی 140 دەناسێنن، هەندێک لە بەرپرسانی لایەنە دەستەڵاتدارەکانی کوردستانیش ئەندامانی لیژنەکە بە کەمتەرخەم دادەنێن و دەڵێن " پێویستە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی 140 بەئاشکرا ڕایبگەیەنن کە دۆڕاون و ناتوانن مادەکە جێبەجێ بکەن" بەڵام زۆرینەی کوردستانیان سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە کەمتەرخەم دەزانن، هەروەها چاودێرانی سیاسیش جێبەجێ نەکردنی ماددەی 140 و هەوڵدان بۆ دواخستنی ئەو مادەیە بۆ مەرامی ناپاکی هێزە عەرەبیەکان و حکومەتی عێراق دەگێڕنەوە.

جاران بانگەشەی ئەوە دەکرا کە هاوپەیمانی کوردستان گەرەنتی لە نوری مالکی وەرگرتووە تا ماددەی 140 لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکات و کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان یەکلایی بکاتەوە، هەربۆیەش متمانەی پێداوەو ڕێگەنادات کابینەکەی نوری مالکی بڕووخێ!! بەڵام ئێستا هەموو ئاماژەکان لە پشتگوێخستنی ماددەی 140 بۆ خودی سەرۆکوەزیران دەگەڕێنەوە. لێرەدا هاوپەیمانانی نوری مالکیش لە جێبەجێ نەکردنی ماددەی 140 بەرپرسیار دەناسرێن، چونکە کابینەی نوری مالکی بە هەڵوێستی لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە بەستراوەتەوە، ئەگەر هاوپەیمانی کوردستانی تۆزێک خۆی بجولێنێ، حکومەتی بەغداد ڕەوایەتی لەدەست دەدات و کابینەی مالکی هەڵدەوەشێتەوە.

هەر چۆن پێشتر ڕامانی جیاواز سەبارەت بە ماددەی 140 هەبوو، ئێستاش ڕامانەکان جۆراوجۆرو هەمەڕەنگن! کوردستانیان پێیانوایە ئەگەر ماددەی 140 جێبەجێ نەکرێ، حکومەتی عێراق دەڕووخێ و سەرەنجام عێراق هەڵدەوەشێتەوە، نوری مالکی و هەندێک لە هێزە سیاسیە شیعیەکان پێیانوایە ئەگەر بەپەلە ماددەی 140 جێبەجێ بکرێ و سیستەمی فیدراڵی پەلەی تێدابکرێ، عێراق بەرەو دابەشبوون دەڕوات و هەڵدەوەشێتەوە. عەرەبە سوننەکان پێیانوایە هەر کاتێک ماددەی 140 جێبەجێ بکرێ، زەنگی هەڵوەشانەوەی عێراق لێدەدرێ. سەرانی بەرەی تورکمانی پێیانوایە ماددەی 140 بۆ هەڵوەشانەوەی عێراق داندراوە، ئەگەر جێبەجێ بکرێ عێراق هەڵدەوەشێتەوە، بۆیە داوا دەکەن کە کەرکوک بکرێ بە هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ تورکمانەکان!! ئەوان پێیانوایە کە ماددەی 140 کێشەی کەرکوک چارەسەرناکات.

لەم نێوەندەشدا ئەمریکیەکان بە خشکەیی بۆچوونەکانی بەیکەر-هاملتن کاوێژ دەکەن و دەڵێن: "کەرکوک بەرمیلێکی بارووتە ئەگەربتەقێتەوە تەڕو وشک بەیەکەوە دەسووتێنێ!!" هەربۆیەش دەیانەوێ وەکو خۆی بمێنێتەوەو بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەگەڕێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە هەندێک لە هێزە عەرەبیەکان و تورکمانەکان و وڵاتانی دراوسێش پێیانوایە کە تەنیا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانی کێشەی کەرکوک چارەسەر بکات و ماددەی 140 جێبەجێ بکات، بەڵام ڕاستی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 وەک ئەوەی هەیە زۆرتر لەسەر خودی حکومەتی عێراق ڕاوەستاوە، چونکە ئەگەر سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بڕیار لەسەر گێڕانەوەی ئەو قەزاو ناحیانە بدات کە ڕژێمی سەدام لە پارێزگاری کەرکوکی دابڕیبوون، ئەگەر سەرۆکوەزیران بودجەی تایبەت بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان تەرخان بکات، ئەگەر وەزارەتی پلاندانان زەمینەسازی بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی بکات و بەڕێوەی ببات، ئیدی بەڕێوەبردنی ریفراندۆم کە ئەرکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەو کوردیش تێیدا بەشدارە کێشەکە یەکلایی دەکاتەوە ڕەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێ و بەبێ گرفت کۆتایی دێ.

ئەگەر بەخێرایی سەیری کرۆکی چارەسەرکردنی کێشەکە بکەین، دەبینین کە کورد بۆخۆی بەشێکە لە کەمتەرخەمیەکان و هۆکاری جێبەجێ نەکردنی ماددەی 140، چونکە نوێنەرانی کورد لە سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی پلان داناندا هەن و باڵادەستیشن، کەواتە مافێکی ڕەوای کوردستانیانە ئەگەر گلەیی لە نوێنەرانی خۆیان بکەن و ڕەخنەیان لێبگرن.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە کەرکوک بە وێرانەترین شار دادەنرێ، لە ڕووی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە هیچی بەرچاوی بۆ نەکراوە، ئەمە لە کاتێکدا کە سەرچاوەی بژێوی عێراقیەکان لەسەر کەرکوکە و نەتەوەو پێکهاتەکانیش شەڕی لەسەردا دەکەن، بەڵام دانیشتووانی ئەم شارە دووچاری هەژاری و دەردەسەری و ستەم و مەینەتیەکان هاتوون. لەسەردەمی ڕژێمی بەعس خەڵکە ڕەسەنەکەی بەزۆر دەردەکراو بەزۆریش عەرەبی بۆ دەهێنرا، ئێستاش لەجیاتی کێشەی دانیشتووانەکەی چارەسەر بکرێ، زیانلێکەوتووانی قەرەبوو بکرێنەوە، لەجیاتی ئاوەدانکردنەوەو جوانکردنی شارەکە، کەچی ململانێ و کێبەرکێ لەسەر دزینی سامانی شارەکە درێژەی پێدەدرێ، لەرێگەی کردەوە خۆکوژیەکان و تەقینەوەکان و ڕفاندنەکاندا دانیشتووانەکەی کوشتوبڕ دەکرێ، کاول و وێرانەتر دەکرێ، کێشەو گرفتەکانی قووڵتر دەکرێتەوە.

کەرکوک ئەو شارەیە کە لە ڕاگەیاندنەکاندا شینی لەسەر دەکرێ، هۆنراوەو پەخشانی بۆ دەنووسرێ، شانازی پێوەدەکرێ و خۆی پێوە بادەدرێ، کەچی لە کردەوەدا بێ پشت و پەنایە، وەک دەڵێن بریندراری ڕۆژگارە، سێوی ژێر چەپۆکی باوەژن و باوە یارەیە، بۆیە ڕقی لە ڕاگەیاندن دەبێتەوەو چاوی لە کردەوە بڕیوە.

ئاکۆ مەجید



# شاردنەوەی سەردانەکەی سەرۆک بە زیانی خەڵکی کوردستان تەواو دەبێ

سەردانە ڕانەگەیاندراوەکەی سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ شوێنێکی نادیار وێڕای ئەوەی کە کۆمەڵێک پرسیاری وروژاندووە، گومان و نیگەرانی جۆراوجۆریشی دروست کردووە.

سەرۆک بارزانی پێشتر لە مانگی ئەیلول دا لە دیدارێکی ڕۆژنامەوان حوسنی مەحلیدا جەختی کردبۆوە کە سەردانی هیچ وڵاتێک ناکات ئەگەر بە فەرمی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشت نەکرێت! بەڵام کاتێک ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی چەواشەکاریان کردو هەواڵی بریندارکردنی سەرۆک بارزانیان کردە دەنگۆ، وتەبێژانی سەرۆکایەتی هەرێم هەواڵەکەیان بە درۆخستەوە، خەڵکی کوردستانیش دڵنیابوون کە هەواڵە درۆیە، بەڵام لایەنی پەیوەندار ئەو وڵاتەیان ئاشکرانەکرد کە بەڕێزیان سەفەریان بۆ کردووە، هەروەها هۆکاری سەفەرەکەشیان ئاشکرا کرد، کەواتە جێگەی خۆیەتی ئەگەر میدیای نەیاران پرسیار بوروژێنێ و خەڵکی کوردستانیش نیگەران و دوو دڵ بن.

ڕاستە سەرۆکی هەرێم وەک هەر کەسێکی ئاسایی مافی خۆیەتی کە سەردانی وڵاتان بکات و پشوو بدات، بەڵام چونکە سەرۆکی هەرێم بەرپرسیاریێتی هەیەو کەسێکی ئاسایی نیە، کەواتە دەبێ لە سەردان و پشووەکانی خۆشیدا خەڵک و ڕاگەیاندن ئاگادار بکاتەوە، چونکە لەهیچ وڵاتێکی جیهاندا نیە کە سەرۆکێک بچێتە شوێنێ و ڕاگەیاندنەکان شوێن پێی هەڵنەگرنەوە یان هاوڕێیەتی نەکەن.

ئەمە یەکەمین جار نیە کە بەرپرسێکی باڵای هەرێمی کوردستان بە نهێنی سەفەری وڵاتان دەکات، یان بۆ ڕاگەیاندنەکاندا ئاشکرا ناکرێ بەرەو چ شوێنێک ڕۆیشتووە، لەمەوپێش چەندین جار سەرۆکی حکومەت و بەپرسانی دیکەش بۆ ماوەیەک لەبەرچاوی کامێراکان بزربوونەو بانگەشەی ئەوە کراوە کە بۆ حەسانەوە چوونەتە وڵاتێکی دەرەوە.

سەرۆکی هەرێم و بەرپرسە باڵاکانی وڵات ڕاستەوخۆ بەو خەڵکەوە گرێدراون، لەخۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵیاندان، کەواتە ڕەفتارەکانی سەرۆک و بەرپرسە باڵاکان، تەندروستی سەرۆک و بەرپرسە باڵاکان ڕاستەوخۆ پێوەندی بەهەر تاکێکی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەیە، لەوەیاندا سەرۆک و بەرپرسە باڵاکن ئازاد نین کە بە نهێنی سەردانی وڵاتان بکەن، یاخود سەدانەکەی خۆیان بۆ ڕۆژنامەوانان و خەڵک ئاشکرا نەکەن.

بێگومان سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی دەزانێ کە خەڵکی کوردستان پەرۆشی ئەون و لەخەمی ئەودان، ئەمەش پێوەری پێوەندی نێوانیان دەبێ ، بۆیە شاردنەوەی بچووکترین شت زیان بەو پەیوەندیە دەگەیەنێ.

کاتێک ڕاگەیاندنەکانی تورکیا دەڵێن سەرۆکی هەرێمی کوردسیان لە شەقامێکی دەوڵەمەندانی شارێکی ئیتالیا بینراوە، یان کاتێک ڕاگەیاندنەکانی ئیسرائیل دەڵێن بەرپرسێکی باڵای کوردستان لە نەخۆشخانەیەکی ئیسرائیل دەرمان دەکرێ، یان ڕاگەیاندێکی عەرەبی دەنووسێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەقەی لێکراوەو بریندارە، بەتەنیا ڕەتدانەوەی سەر زارەکی بەس نیە، بەڵکو دەبێ سەرۆک لە دیدارێکی نوێی تەلەفزیۆنی یان بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆدا بەشداری بکات، بەو هۆیەشەوە تەواوی دەنگۆو درۆکانی دیتران ڕەت دەبنەوە.

ئازاد سولەیمان

# ئایا گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن پەیامی خۆی گەیاندوە!

پەروەردە یەکێکە لەهەرە کایە گرینگەکانی ژیان، چەمکی پەروەردە و فێرکردن زۆر لەوە بەرین ترە کە لە وانەکانی خوێندندا بە ئاسانی دەخوێندرێ و سالی پێ تەواو دەکرێت واتە ڕەنگدانەوەیەکی بنەڕەتی هەیە لەسەر هەر یەکێکمان ،وەک دەبینین لەم ساڵانەی دوایدا ڕۆژ بە ڕۆژ بوارەکانی خوێندن بەرەو فراوانی دەروات و کارئاسانی بۆ خوێندکاران کرا ،بەڵام لەم دوایییەدا دەست کرا بە گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن کە بیرۆکەیەکی لاب هەر یەکەمان گەڵاڵە کردبوو ئاخۆ چۆن و بە چ فەلسەفەیەک گۆران بەسەر سیستەمی پەروەردەدا دێت.پاش بەستنی کۆنگرەی پەروەردەی و ئاڵوگۆرکردنی کۆمەڵێک پێشنیار و بیرورای پسپۆر و سەرپەرشتیار سەر ئەنجام بینیمان چ گۆرانێک رویدا کە بۆ پێگەیاندنی خوێندکاران بە شێوەی زانستی سەردەمیانە و دەربازبوون لەو پەیرەو و پرۆگرامە کۆنە کە هیچ لەگەڵ نەوەی ئێستادا نەدەگونجا . دوای ئەم گۆرانە ئایا وەزارەتی پەروەردە دەپرسێ تاچەند کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دەبێت ؟تا چەند لەگەڵ قۆناغەکانی خوێندنی ئێمەدا دەگونجێت،خوێندکاران تاچەند لەم گۆرانە سودمەند دەبن.

بۆ ماوەی (15)ساڵە گۆران بە شێوەیەکی گشتی بەسەر خوێندندا نەهاتووە ،بەڵام لە کۆتای ئەم ساڵدا گۆرانێکی سەرتاسەری لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنارویدا، کە دەبوایە هەنگاو بە هەنگاو ئەمە پەیرەو بکرایە لە قۆناغی یەکی سەرەتایەوە دەست پێ بکات و دوا جار پلە بە پلە بگۆردرایە .هەروەها یاسایەکی نوێ بۆ بۆ قۆناغەکانی پۆلی یەک و دوو و سێ داندراوە کە دەرنەچواندن نییە لەم سێ قۆناغەدا بەڵام لە هەمان کاتدا لە پۆلی چوارەم ڕاستەوخۆ تاقیکردنەوەی مانگانەی بۆ داندراوە کۆی نمرەکەی دەکاتە (100)کە ئەمە خوێندکار توشی شۆک دەکات دەتوانم بڵێم لەم قۆناغەدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ ، لەهەمان کاتیشدا لەم قۆناغەدا لە نێوان هەر وانەیەکی سۆرانی وانەیەک بە کرمانجی ژورو تۆمار کراوە کە ئەمە نەک بۆ خوێندکار بۆ مامۆستاش کەمێک نەنگە، خوێندکار لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک وشەی زمانی دایکی لەلادەگمەنە ئێمە دەچین وشەیەکی تری بۆ زیاد دەکەین هەروەها ڕانەهێنانی مامۆستا لەسەر تەواوی ئەم زمانە بەبێ بونی فەرهەنگێکی زمانەوەنی بۆ وانەکان.

دوای دەست خۆشم لۆیان بەڵام هەریەک لەئاست خۆیەوە ڕەخەی خۆی هەیە گەر هەریەکەیان کۆبکەینەوە ئەوا دوای دەست خۆشی کۆمەڵێک ڕەخنەو سەرنج و تێبینی لێدەکەوێتەوە یەکێک لەوانە دواکەوتنی کتێبە نوێیەکەیە بە دەست خوێندکاران دوای ئەوەی چەند مانگێک بەسەر دەوامی فەرمی خوێندنگاکاندا تێپەری بوو ،لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی بێزاربونی خوێندکار و کەڵەکەبونی وانەکان و لە وانەیە لە کۆتای ساڵدا پەلە پروزێی پێوە دیار بێت کە کارێکی زۆر نارەوایە بۆ خوێندن هروەها لە سیستەمی پەروەردەدا چەند بیرورایەکی جیاواز هەیە کە ئەمەش کاردانەوەیەکی سلبی لەسەر هەریەکەیان هەیە چونکە هەر خۆئامادە کردنێک بۆ سیستەمێکی تر کۆمەڵێک کێشە بەسەر باری سیاسی کۆمەڵگەکەماندا هاتوە کەواتە بەرێوەبەرایەتی پەروەردە ناتوانی هەروا بە ساناى ئەو ئامانجە بپێکی کە مەبەستیەتی ئەگەر کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان لە عێراق و کوردستان چارەسەر نەکرێ. هەرچەندە ئەم کێشەیە بەتەنها کێشەی وەزارەتی پەروەردە نییە بەڵکو تەواوی کۆمەڵگا دەگرێتەوە و کە بە هاوکاری خێزان و دامەزراوە مەدەنیەکان و پەرلەمان دەگرێتەوە ، دەبێت کاری بۆ بکرێت یەمە لەلایەک و لەلایەکی دی بێ ئومێدی خوێندکار لە ئامانجی تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندن و وەرنەگرتنیان لە کۆلێجەکاندا و دواجار دانەمەزراندنیان لەدام و دەزگاکانی حکومیەکاندا جگە لەوەی کە ئێستا خوێندکار بە دەست کۆمەڵێک کێشە و کەموکوریەوە دەناڵێنێت کە لە ماڵ و خوێندگەکاندا هەیە.

شیلان عەبدوڵڵا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com